# بەیانی باش، کەمال سەید قادر

هەژار خۆشناو

کوردستان ئەو خاکەی هێشتا بۆنی خوێنی لێدێ، ئەو خەڵکەی تامەزرۆی پشووێکن، ئەو گۆمەڵگایەیناموێبەدیمکراسی، لەپۆستەڵەکانی بەعسەوە تا قۆنداغەکانی سەیتەرەکانی پارتی و یەکێتی.... تا گیرانی نووسەر دکتۆر کەمال...

بەڕێزان من هەر زوو دوای چەند نووسینێکی کەمال سەید قادر وەڵامم بۆ نووسی لە سایتی www.pukonline.it بەشێوەیەکی باوەڕپێهێنان بەخوێنەر دوور لەدەروێشایەتی و بنەماڵەیکردن کەخوێنەر سەر پشک بووەکاریگەری نووسینەکەی من زیاتر بووەیان، وەک زۆرێک بۆ بەرگیری کردن لەهەر سێ بەڕێزان لەجیاتی ڕستەی سرکەر، فیشەک و حەفتا و پێنجی بۆ دکتۆر کەمال ڕێز کرابوو کەبێگومان پێوویست بوو ئەوانەبچن نامەی دکتۆراکەیان خوێندباوە...،

بەهەر حاڵ ئێستا هەواڵی ئەوەبلاو بۆوەکەدکتۆری نووسەر گیراوە، ئەمەش زۆر مەترسیدارەبۆ کپ کردنی نووسەران و بەرەو هەڵدێر بردنی تاکی کورد، بەڕێزان کورد دوو ڕێگایی لەپێشەدکتاتۆری وەک سەددام یان دیموکراسی، ئەگەر وەک سەدداما ن ویست ئەوەدرێژەدەکێشێ تا چارەنووسی وەک سەددام لێدێ، ڕێگای دووەم دیموکراسیە: کەکۆمەڵگایەکی ئازاد و تاکەکانی یەکسانن، ئەوەی ئێوەبانگەشەی بۆ دەکەن دیموکراسیەتە بەڵام نابێ پێشلی پرەنسیب و بنەماکانی دیموکراسیەت بکەن، ئەگەر ئەمڕۆ دکتۆر کەمال گیراوەمانای ئاگاداربن هەر کەسێ تخوب ببەزێنێ چارەنووسی نا دیارە، ئەمەشمەترسیەبۆ نووسەران لەدەرەوەی بازنەی دەسەڵات، بتانەوێ و نە تانەوێ ئەمڕۆ تاکی کورد پرسیاری لا دروست دەبێ ئەگەر ئێوەش وەڵامتان لا نەبێ، بانگەشەی دیموکراسیەتەکەتان بەنووسینی سەر پەڕ نەبێ بەهیچی تر ناچوێنێ، ئەگەر ئەمڕۆ وریای جەمیل ئاغای کۆڕێ هاتۆتەهەولێر و بۆتەبەرپرسێکی مەکتەب کۆمەڵایەتی و بەدەفتەری دۆلاری لەبەردەستە، هەتا دوا ساتی ڕووخانی سەددام هەر لەموسل و بەغدا جاش بوو، ئەو وریایەی جاشی دەنارد هەتا بچن سەری پێشمەرگەبێننەوەبەرامبەر سووپەرێکی سۆریان بداتێ، نازانم دەپرسم ئایا ئەمەیان ماڵی لەبن سەری ڕەشەو چەکدار و ئەو مێژووەی هەیەمەترسی دار ترە یان پێنووسەکەی سەید کەمال قادر لەهاندەران، بەڕاستی شتێکی نەویستە، دەبێ چۆن ئەمەلێک دەینەوە؟

تاک بەردەوام پرسیار دەکا، چونکەئەگەر مرۆڤ هەستی بینین و بیستنی هەبێ بێگومان پرسیاری هەیە، باشەبۆ دەبێ دەسەڵاتی کوردستان بۆ سێ کەس بێ؟ کاک مەسعود کاک نێچیروان کاک مەسرور، بەڵام چەند کەس لەناو پارتی لەکاک نێچیروان و کاک مەسرور خەباتی زیاتر و ئەکادیمی ترە، بۆ

قەد نەیان گووتوەئەی ئێمە؟! ئەوەپرسیاری نەوەی نوێیە پرسیاری هەموو تاکێکی زیندووە، باشە بۆ دەبێ شاری پیرمام (مەسیف) هەمووی لەسەر بارزانی تاپۆ بکرێ؟ باشەبۆ دەبێ وێنەی دامەزرێنەری پارتی بە نێو پەرلەمانەوەوەبێ؟ بۆ پەرلەمان تەنیا ئی پارتیە؟ من لەگەڵ ئەوەنیم ئایەتی قورئانیش لەنێو پەرلەمان هەبێ چونکە پارتی کۆمەنیستمان هەیەفڕی بەقورئانەوەنیە، ئاڵای کوردستان لەجیاتی وێنەی ئەم و ئەو دابندرێ تەواو، کات گۆڕاوەکپ کردن و کوژتن و تێهەڵدان باوی نەماوە، دەنگی نەوەی بەرێوەیەهەر باردۆخەناسکەکەتێپەڕی کۆتایی دەبێ و سەرەتاش بۆ کوردستانی نوێ.

ئەگەر دکتۆر بزر کرێ و بکوژرێ و تێهەڵدرێ یەک شتیان بۆ ناکرێ، ئەویش کپ کردنی لافاوی دیموکراسی و ئازادیە کەبەرێوەیە.

بۆیەدکتۆر نەتۆ یەکەم و نەدوا کەسی یاخی بوویت دەستگیر دەکرێی... لە نێودەسەڵاتێکی بنەماڵەیی.

hajarkhoshnaw@yahoo.it

Italia-29-10-2005